وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی هەڵەبجە کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان
بەشی جوگرافیا قۆناغی سێیەم

# هاوینەهەوارو سەیرانگەکانی سنووری قەزای رواندز


ئامادەکردنی :

شاگوڵ خلیل

بەسەرپەرشتی :

م.ڕێباز لوقمان

# ڕواندز



ناوچەی رواندز دەوڵەمەندە بەبوونی ژمارەیەکی زۆر
لەشوێنی گەشتیاری هەرچەندە ناوچەکە خۆی لەخۆی دا
هەمووی شوێنی گەشتیاری و سەرنج راکێشن، بەهۆی
بوونی روالەتی چیاکان و دۆل و شێوەی زەوی ئاوهەوا
بۆشاکی رووەکی و دەرامەتی ئاو...هتد، وای کردوە کە ببێتە
ناوچەیەکی گەشتیاری و ساڵانە رێژەیەکی زۆر لە گەشتیاران
لە دەرەوەی هەرێم و شارەکانی عێراق و کوردستان بە
مەبەستی بەسەربردن و گەشت لە وەرزی بەهارو هاوین
سەردانی ناوچەکە دەکەن و بە شەویش دەمێننەوە .

# گرینگترین سەیرانگەو هاوینەهەوارەکانی سنووری قەزای رواندز:




## هاوینەهەواری بێخاڵ:

بێخاڵ (135کم ) لەناوەندی شاری هەولێر دوورەو
دەکەوێتە رۆژهەڵاتی هاوینەهەواری گەلی عەلی بەگ
وە(10)کم لەرۆژئاوای شاری رواندزەوە دوورە،
تاڤگەی بێخاڵ لەکانیاوێکی بەخور لەقەت پاڵی شاخێك
هەڵدەقوڵێت بە پەرش و بڵاوی بە شاخەکە دێتە
خوارەوە دیمەنێکی سەرنج راکێش ئەبەخشێ بەناوچەکە،

# بێخاڵ



شوێنەکە فراوانی (4450) مەتر
دووجایە فراوانکردنی ڕووبەرەکەی
کارێکی ئەستەمە چونکە تەنگەبەرێکی
تەسکەو ڕۆژانە گەشتیاران لە سەرەتای
وەرزی بەهارو کۆتایی وەرزی هاوین
ڕووی تێدەکەن، پلەی گەرمی لەوەرزی
هاوین (32)پلەی سەدی زیاتر بەرز
نابێتەوە بێخاڵ هاوینەهەوارێکی وەرزییە
تەنها وەرزی بەهارو هاوین ئەبێتە
مەڵبەندی گەشتیاران لەم هاوینەهەوارە
(4) خواردنگە هەیەو لەگەڵ کۆمەڵێك
چایخانە .




DWAROZH

# سەیرانگەی گەڵی ئاکۆیان:

بەدووری (15)کم لەشاری رواندز دووره شوێنەکەی دەکەوێتە نێوان گوندی ئاکۆیان و گوندی فەقیان لە شێوەی دۆڵ درێژ دەبێتەوە لەنێوان دووچیا شێوەی سروشتیەکەیان لەدارو درەختێکی زۆر و سەرچاوەی ئاوی زۆری تێدایە، لە وەرزی هاویندا لەمانگی تەمووز پلەی گەرمی دەگاتە 25 پلەی سەدی گەشتیارێکی زۆر روو لەم سەیرانگایە دەکات لەساڵی 2006 حکومەتی هەرێمی کوردستان بەدروست کردنی رێگەیەك بۆ گەلی ئاکۆیان بووە هۆی ئەوەی  کە رۆژانە لە وەرزی هاوین و بەهار گەشتیارێکی زۆر روو لەو سەیرانگەیە بکەن.


ژیروان


NISSAN



# سەیرانگەی بێرۆیان:

دەکەوێتە رۆژهەڵاتی رواندز لەنێوان زنجیرە چیاکانی هەندرێن و کۆڕەك ئەم سەیرانگەیە پێك دێت لە رووبەرێکی پانتای و فراوانی سەوزیدا، درەخت و لەگەڵ بوونی رووباری بێرۆیان کە رووبارێکی وەرزییە لە زستانان تاکو بەهار دەمێنێتەوە لە وەرزی هاوین وشك دەبێت، لەوەرزی بەهار خەڵکێکی زۆر روو لەو سەیرانگەیە دەکەن بەتایبەتی لەو رۆژانەی کەخەڵکی شاری رواندزو گوندەکانی دەوروبەری لەرۆژانی نەورۆز تاشەوان دەمێننەوە



# هەوارگەی پانکی گەشتیاری رواندز :

1. دەکەوێتە باکووری رۆژئاوای قەزای رواندز بەدووری (1)کم
2. ئەم هەوارگەیە دەکەوێتە سەرچیای پانك لەسەر تاڤگەی بێخاڵ رووبەرەکەی دەگاتە (3259) هەزار مەتر دوجا لەسەر بەرزاییەك دروستکراوە، کە (1100)م بەرزە لەئاستی رووی دەریاوە،
3. ئەم هەوارگەیە دەورە دراوە بە(چیای هەندرێن و کۆرەك)وە دوورییەکەی لە هاوینەهەواری جوندیان (5) م دوورە
4. بەرزترین پلەی گەرمی لە هاوین دەگاتە (35) پلەی سەدی
5. هەروەها بەسێ قۆناغی جیاواز دەستی پێکردوە:

- لەقۆناغی یەکەم لەچەند بەشێکی گرینگ وەك کۆگاو هۆڵی کۆنفراس و کۆبونەوەو پارکی وەستانی ئۆتۆمبێل و رێستورانتێکی پلە نایەب و کافتریایەك لەگەڵ ئوتێلێکی پێنچ ئەستێرەیی مەلەوانگەو شاری یاری و هۆلی وەرزش وچایخانەو دوکانی شتومەك هەرەوها (74) ڤێلا بە هەموو پێداویستیەکان لەگەڵ 6 ڤێلای سەرۆکایەتی لەسەر شێوازی ئەوروپی.
- لە قۆناغی دووەم دەگاتە (450) ڤێلا.
- قۆناغی سێیەم چەندین پرۆژەی گەشتیاری گرینگی لێ جێبەجێ دەکرێت


PANK


PANK




PANK

# خەرەند:

شوێنێکی هەڵکەوتوی سروشتی جوانە دەکەوێتە نێوان زنجیرە چیاکانی هەڵگورد و شاری رواندز لەسەر رێگای سۆران و رواندز ئەم شوێنە دوو ئاوی جیاوازن لەیەکتری ئەویش بەم شێوەیە دیوی سەرەتاکە دەکەوێتە ناو گوندی کاولۆکان پێی دەڵێن خەرەندی خارە رەش دیوەکەی تریشی دەکەوێتە لای شاری رواندز پێی دەڵێن خەرەند سروشتێکی جوانی هەیە کەگەشتیاران بۆ بینینی سەردانی دەکەن.





S. A. Ali
Photographer
urdistan ature



# هاوینەهەواری جوندیان :

- ١١٢ کم لە ناوەندی شاری هەولێرەوە دوورە
- بەر لەوەی بگەیتە شارۆچکەی ڕەواندز بە دووری(٥) کم بەو هاوینە هەوارە دەگەیت کە کانیاوێکی سازگاری ئەم ناوچەیەیە لە دامێنی چیای هەندرێن .
- جندیان بەم کانییە سەرنجراکێشە ناوبانگی دەرکردووە ، کە لە قووڵایی ئەم ئەشکەوتەوە دێتە دەرێ و ئاوێکی سازگاری سارد و سروشتێکی جوانی بەم ناوچەیە داوە .
- جندیان لەلایەن حکومەتی هەرێم جوانکاری بۆ کراوە و تەواوی ئەم هاوینە هەوارە بە دار و درەخت داپۆشراوە ، چەندان کافتریا و گازینۆ و چێشتخانەی گەشتیاری و میللی تێدایە .
- ساڵانە گەشتیاران بە شێوەیەکی بەرفراوان لە شارەکانی هەرێم و خوارو و ناوەراستی عێراقەوە رووی تێدەکەن .
- ناوی جوندیان لە گوندی دیانانەوە هاتووە ، سەردەمانێک پەیرەوانی ئایینی مەسیحی لەم ناوچەیەدا ڕێژەیان زۆر بووە، بۆیە جوندیان ناوی (گوندی دیانان ) ی پێوەماوە.







## سەرچاوەکان :


https://www.google.com/url?sa=t&source=web&rct=j&url=https://ckb.m.wikipedia.org/wiki/%25D8%25AC%25D9%2588%25D9%2586%25D8%25AF%25DB%258C%25D8%25A7%25D9%2586&ved=2ahUKEwjh5tGL24T1AhU_SfEDHa98B7UQFnoECCIQAQ&usg=AOvVaw1WqZrFhO5RtjoSWNxuxHS7

https://youtu.be/1s5I9_g4HnU

https://www.google.com/url?sa=t&source=web&rct=j&url=https://www.hawlergov.org/app/ku/content/%25D9%2582%25DB%2595%25D8%25B2%25D8%25A7%25DB%258C-%25D8%25B1%25DB%2595%25D9%2588%25D8%25A7%25D9%2586%25D8%25AF%25D8%25B2&ved=2ahUKEwi5u5_z2YT1AhUHQvEDHTKaBT0QFnoECBsQAQ&usg=AOvVaw17lmOxStv-htKUzfjaU8Oe